# بە ڕێگەوەبوون، سەرکێشیی و مەیلخوازیانەی «ئارتۆر ڕامبۆ»یە

سۆران محەممەدە سوورە

**پێشکەشە بە هەندرێن وەرگێڕی نامەکانی «ڕوانینوانێك و مەرگ»**

«لەم چاوتروکانەدا هەرچەندی لە توانامدا هەیە وادەکەم کە بێزم لێ بکرێتەوە. بۆچی؟ دەمەوێت ببم بە شاعیر، کاریش بۆ ئەوە دەکەم بێزەوەرتر بم» لە نامەی (بۆ جۆرج ئیزامبار ١٣ی مای ١٨٧١)

ئەمڕۆ کەمتازۆر خوێنەر شەبەنگێک لە ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕامبۆدا هەیە. بۆیە گەرەکە هەڵوەستەی ئێمەش دەربارەی ئەو نامەیە بێت، کە ڕامبۆ لە ١٥ی نیسانی ١٨٧١بۆ پاول دیمینی ناردووە، کە ئەو نامەیەیش لە «نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ»دا هەیە، کە لە ٢٠٠٧ لەلایەن هەندرێن لە سوێدییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی. سەرباری ئەمەش هەوڵدەدەین بۆ بەرهەمی «وەرزێک لە دۆزەخ» -لە وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا- بگەڕێینەوە و هەندێک لە ئایدیاکانی بترنجێنینە نێو ئەم نووسینەوە. ئەگەر ڕوانینوانیش (ڕامبۆ) دەستی نەختبا بینەقاقامان، لە خواستماندا نەبوو ئەم نووسینە، ژیان و ناسکردنی ئارتۆر ڕامبۆ

بگرێتە خۆی. ئاخۆ ئەمە لە کران بەدەر نییە، بەتایبەت ئەگەر کار لەسەر نامە بکرێت! هەرچۆنێک بێت نێونیشانەکەیش زێتر هەڵگری چۆنیەتی ژیان و سەرهەڵگرتنیەتی، بەڵام ئەمە هەموویان بەیەکەوە، ڕەنگدانەوەن لە شیعری ڕامبۆدا.
ئەز، پەڕتووکی «نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ»م لە ساڵی ٢٠١١دا خوێندبووەوە، لێ ئەوەی هاندەر بوو بۆ نووسین؛ بەتایبەت دەربارەی ئەم نامەیە (بۆ پاول دیمینی)، بۆ ڤانەی ڕەخنەی پڕاکتیکیی دەگەڕێتەوە، کە ئەوکاتەی لە قۆناغی چوارەمی بەشی کوردیی -زانستگەی سۆراندا دەمخوێند. هەڵبەت ئەوەی گەرەکە لێرەدا بگوترێت، ئەوەیە؛ کە ئەم ڤانەیە بەری من بگەمە دوا قۆناغی خوێندنم، هەرگیز وەتۆ بەم شێوەیەی، کە مامۆستاکەم گرینگیی پێدا و تێکڕای بوونمی لە دۆخێکی خۆخواردنەوە، مکووڕنەبوو و کەمتەرخەمییەوە بۆ کارایی وەرچەرخاند، بە بایەخ و گرینگ لێی نەنۆڕدرابوو.
باش بیرمە، سەرەتای مانگی سێی ٢٠١٥ مامۆستاکەم دوو لە نامەکانی بۆ (جۆرج ئیزامبار و پاول دیمینی)ی کرد بە ئەرکی دوای پشوومان، کە وتارێک دەربارەی هەرتک لە نامەکان بنووسین، هەڵبەت بۆ من ئەرک بوو و بۆ کۆی خوێندکارانی تر، هەم مامۆستا و هەم ئەرکەکانی -کە ئەو لە خەمخۆریی و زێتر تێگەڕاندنەوەی ڕووحێکی هۆشیارانە- بۆیان بووبووە بەڵای لابەلا، بارگرانیی و بەردی سیزیف. وەنەبێت ئەز سیزیفاسا بەردەکە تا ترۆپک ببەم، لێ هەمیشە لەو ساڵی خوێندنمدا، نەک ساڵانی پێشتر، مکوڕبوون و کارکردنم زێتر تێدا فراژا. بۆیەشە ئەم نووسینە، کە ئێستە تۆی خوێنەر دەیخوێنیتەوە، لە خەمۆریی ئەم مامۆستایە هاتووەتە بوون و پێشکەشی ئەویش کراوە.
ئەم نامەیە دەکرێت ببێتە مانیفێستۆیەک بۆ بوێژ، شاعیر و هونەرمەندانی کورد، لە دەراوی ئەوەی دەکرێت زێتر لە هەر گۆڤار و پەڕتووکێکی ڕەخنەییی کوردیی، کاریگەرییەکی قووڵ دروست بکات، چون چەقبەستوویی وێژە و هونەری کوردیی ئەمڕۆ و وابەستەبوونی بە بازاڕ، شاگەشکەبوون بە ڕابردووی

وێژە، تووشی نەخۆشیی ناسراوبوونی کردوون، یەکدێتەوە لەگەڵ قسەی ڕامبۆ کە دەڵێت: «زۆر کەس بەدوای ئەوە دەگەڕێن کە ژیان بکەنە بەر پاشماوە کۆنینەکان» {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٠}. ئاخۆ گەلۆ ئەو دۆخە درێژخایەنەی، کە ڕامبۆ نامەکەی لەدژ دەنووسێت، هەمان ئەو دۆخە بارگرانە نییە، کە ئەمڕۆ ئێمە تێیداین؟ بۆ دەربازبوون لەم دۆخە کەڕووگرتووەش پێویست بە بێزهاتنەوە، تاوان و سووکتەماشاکردن هەیە، چون مرۆڤ بۆ پەڕینەوە بە دۆزەخدا، گەرەکە بە ئایدیای ڕوانینوان ڕووحی ئارامگر کردبێ تا سەرتاپای نەسووتێت، لەکوێ مرۆڤ/شاعیری دەستە و دووعا دکارە لەبەردەمی خۆی دووربکەوێتەوە، لە کاتێکدا منارە خەونی ئەم تاکە دەڕسکێنێ و نوێژەمێگەل سەرمایەی ڕووحی ئەم شاعیر؛ (هەڵبەت شاعیر بە دەربڕینی باو)ـەیە، مەگەر هەر ئەوە نییە ژیان و ئاقیبەتێکی باشی هەیە و لە دووماهیشدا هیچی پێنییە تا بیخاتە دۆزەخەوە و خۆیشی نەسووتێت!
دەکرێ بپرسین بۆچیی شاعیربوونی هەریەکێک لەمانە (شێرکۆ بێکەس، جگەرخوێن، قەدریجان، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلیزادە، ڕێبوار سیوەیلیی، هاشم سەڕاج، دلاوەر قەرەداخیی، جەمال غەمبار، ڕۆژهەڵەبجەیی و لازۆ... تاد) شاعیربوونیان لە ئامادەیی خۆیاندابووە/دایە لەنێو کۆمەڵ، ڕوونتر لەنێو بازاڕی چەپڵە و پیرچییەتیی، کە دوای مەرگی هەر یەکێک لەمانە و ئەوانەی بەدوای ئەوانی تردا ماڵاوایی دەکەن، هەر زوو ئاگرەکەیان کوژاوەتەوە و دەکوژێتەوە. ئەوەی ئەمانەشی کردە ناوە داهێنەر و شاعیری مەزن، پەراوێزی ڕەخنەسازیی کوردیی، نەڕسکاویی خوێنەر و ناهۆشیاریی لە ڕەخنە و خۆتەریککرتن بووە لە چییەتیی شیعر و خۆسەرقاڵکردنی بووە بۆ بازاڕگەرمیی ڕۆمان و دەمقەڵەبالغیی میدیا. ئەم بازاڕگەرمییەش وایکرد، لەدوای دووهەزارەکانیشەوە، بازاڕی بەناو شیعر و شاعیر گەرمتر ببێت، کە ڕستەیەک دەروەستی وەسفکردنی بێت ئەوەیە، کە تێکڕا بوون بە؛ گەنەی مەراق بەنێو گەڵی ژندا.

***

ڕامبۆ سەرەتا وەها بە غرووورەوە بۆ پاول دیمینیی دەنووسێت: «بڕیارم داوە وانەیەکت لە ئەدەبی تازەدا پێبڵێم» {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ١٩} ئەم کاتیگۆریە دوانەییە. چونکە هیچ شتێکی تازە و نوێ ناپشکوێت، ئەگەر وەرچەرخان نەبێت لە پێشەخۆی، بۆیەشە ڤانەی خۆی لە کەوناراوە دەستپێدەکات، کە ڕەخنەگرتنە لە وێژە و هونەری کەونارا و بەری، ئەوجا ڕوانینخوازییەکەی خۆی بۆ داهاتووی شیعر دەخاتە ڕوو. بۆیەش لە گرێک و هۆنەرانی گرێکەوە دەستپێدەکات، چونکە خۆی گوتەنی «هەموو شیعری کۆنینە دەڕژێنە نێو گرێکەوە« {ڕامبۆ. ٢٠١٧؛ ١٩}، کە زێتر پەخشانیان بە شیعر کردووە و دوو هەزار ساڵیشە درێژەی پێدەدرێت، دەیجوون، کاوێژی دەکەنەوە، بەڵام نایتفێننەوە. هەر دوای ئەمە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییی برووسکەئاساش دەربارەی ڕەخنە و نووسەرە کەڵەکەکارانی کتێب دوای گرێک لێدەدات و ڕۆمانتیک دەخاتە بەر توانجی ڕەخنەی خۆیەوە، چونکە «ڕۆمانتیک هەرگیز بە یەکسانی هەڵنەسەنگێنراوە« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٠} ئاوها ڕامبۆ زیتانە سەیردەکات؛ ورد دەبێتەوە، لامل دەبێت و ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە «مرۆڤ هەرگیز کاری لەگەڵ خۆیدا نەکردووە. چونکە هێشتان نە لە خەو بێداربووەتەوە و نە خەوی گەورەش باوەشی پێداکردووە« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٠} ڕامبۆ بە چاوێکی زیخ لە ئەدەبیات، بوێژ و داهێنەرانی بەریی ڕادەمێنێت و ڕوانینەکانی خۆی لەمەڕ شیعر و شاعیران دەردەبڕێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیربوون، یان نووسەر، دەبێت شارەزایی بەدەست بێنێت دەربارەی خودی خۆی و دواتریش کاری ئەوەبێت ببێت بە ڕوانینوان، «مەبەستم ئەوەیە کە مرۆ دەبێ «ڕوانینوان»ی ئەودیو بێت، واتە خۆی بکا بە «ڕوانینوان»ی ئەودیو» {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛٢١}

شاعیربوون، لە دیدگەی ڕامبۆوە لە ئەشکەنجە و خۆئازاردان، کە هەمیشە خۆکوشتنێکی سەرکێشانە بۆ ڕێکردن و دێوانەبوون لە گۆڕێدایە، خۆکوشتنێک ئاڵوودەبوو بە «ئازادیی ئازاد»(١) ، بێزراو لە هەدادانی ژیانێک، کە مرۆڤگەل خوازیاریەتی بێهەژمار

قەوانەکـەی لێبداتـەوە، بۆیـە پەیامێکـە، کـە ژیانێکـی بەختەوەرانـە بـە شـاعیر ڕەوا نابینێـت و لای ڕامبـۆ لای لێناکرێتـەوە؛ هەرچـی ئەوەیـش، کـە لـە سـەرەتای خۆخەمڵاندنـی خۆیدایـە دەبێـت تـف بکاتـە پێشـەنگەکانی پێش خـۆی، چونکـە ڕێگـە بـۆ ئـەو سـەرەتایە و «یەکـەم کاری نووسـەر ئەوەیـە، کـە بـە بـاش و بـە تەواوی شـارەزایی سـەبارەت بـە خـودی خـۆی بەدەسـت بێنـێ: پێویسـتە خـودی خـۆی پاکژبکاتـەوە و بیخاتـە بەردەسـتی خۆیـەوە، لێـی بکۆڵێتـەوە، تاقـی بکاتـەوە، فێـری ببـێ، کـە چـاک شـارەزایی سـەبارەت بـەو خـودە پەیـدا کـرد، جـا دەسـت بـە چاندنـی دەکا...»{ڕامبـۆ. ٢٠٠٧؛ ٢١}

شـاعیر لـەلای ڕامبـۆ، واتـە چارەڕەشـیی و تلانـەوە، ئاوارەیـی و بێماڵبـوون، ئەمـەش شـاعیر بـە بێزەوەربـوون و ڕقەسـتووربوون، دووگیـان دەکات و منداڵێکـی نـوێ دەخاتـە پزدانیـەوە، منداڵێـک بـۆ ئـەوەی «لەسـەر زەویـی جەژنـی لەدایکبـوون بنرخێنین»{ئارتۆیـر ڕامبـۆ. ٢٠١٨؛ ٧٢}. منداڵێـک هـەر لـە بەرەبەیانـی مێـژووەوە چـاوان دەتروووکێنـێ و دەیـەوێ مـرۆڤ لـە ویسـتێکی پۆلاییـن بـۆ خۆپچڕاندن لـەو تەنافـەی بـە ئاسـمانەوە شـەتەکدراوە و هەڵمـان بکێشـێت، پێیەکانمـان لـە زەویـی مەحـڕووم بـکات و زەویـی لـە نائامادەیـی نسـرمی شـاعیر بەکوشـت بـدات؛ ئـەوە منداڵ/شـاعیر بکات/ببێـت بـە ڕوانینـوان.

پرسـیاری ڕوانینـوان ئەوەیـە ئاخـۆ ئێمـە دەبـێ هـەر ڕابمێنییـن و خەفەبیـن؟ لـە کاتێکدا مـرۆڤ دەبێ پێداگربێ لـەوەی، کـە هەسـارەی تریـش بدۆزێتـەوە تاسـەی بـە زەویـی نەشـکێت، چونکـە تێنـووە، تێنووش/ڕوانینـوان بـە چاوەکانـی خۆراسـا قووڵایـی زەویـی دەقڵیشـێنێ. ئەمـە تـا ئـەو دەمـەی، کـە جادووەکـە بـەری نـەداوە، یـان هۆراس گوتەنی شـاعیر «شـێتە، وەک ورچ وایـە...» {هـۆراس، ٢٠٠٢، ٤٢}، وای لـەو جەنگـەی، کـە دواتـر ڕوودەدات و ورچەکـە قەفەزەکـە دەشـکێنێت. شـاعیر بـۆ ئاگـری دووریـی ئـەم جەنـگ و ئاژاوەیەیـە؛ کـە لەژێـر هەتـاوی خـۆی دەڕوات و گەرمایـی ناوەوەیـش هـەر لـەو جەنگـە وەردەگرێ، کـە ڕامبـۆ وەک نموونەیـەک، هـەر دەناویـدا لەدایکبـوو و مـرد.

ڕامبۆ تێنووی ڕچە، کازیوە، مەودا ئافراندن، هەتاو و بەربەیان بوو. نەدەحەجما، ڕێکردن حەوانەوەی بوو؛ «ترسم لە زستانیشە چونکە وەرزی حەوانەوەیە.» {ئارتۆر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛٧٤}. ئەوجا پشووی لەنێو شیعریشدا، کۆچێکی بەردەوام و بێپشوو بوو. بێپشوویی لە شیعرییدا گەیاندییە خۆنەبانکردنی بەردەوامبوون لە کەڵەکەکردنی نووسینی شیعر؛ کە لەم نامەیەدا ڕەخنە لەم خووە دەگرێت، بۆیە هەر زوو لەمەش یاخی دەبێت. چوون دەیەوێت خۆی بە شتێکی تریش کامڵ بکاتەوە، «کامڵ بووبووم بۆ لەناوچوون» {ئارتۆیر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛ ٦٣}، کامڵبوونیشی لە شیعر، دەستبەرداربوون و فتکردن لە شیعر و ژیانێکی شاعیرانە نەبوو، بەڵکو وەک گوتمان لە کەڵەکەکردنی نووسینی شیعردا بوو. لە کۆچەریی و پێهەڵهێنانیشدا گەیاندییە قاچبڕینەوە و هەم مەرگێکی شاعیرانە. بۆیەش لە چاوە شینەکانی ڕامبۆدا: هەمیشە کوناشکردنی ژیان و جەستەی شاعیر لە ڕێگەی ڕمێکەوە بووەتە چارەنووس. چارەنووس بارتەقای چاوانێک، کە پڕن لە نیگەرانیی. ڕامبۆ نە دەرگە شکێنە، نە لە پەنجەرەکانیشەوە بۆمان دێتە ژوورەوە، بەڵکو ئەو لە گەواڵەهەوری سەربزێوی وشەدا، کە «هەر وشەیەک بۆ خۆی هزرێکە« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٢} لە کڵاوڕۆچنەکانەوە دادەگرمێنێ، نەک سەرەتاتکێ بکات.

هەر زووش مامۆستایەکی دەربارەی گوتوویەتی: «تا بڵێی زیرەکە، خەندەیەک و چاوێکی پێوەیە، کە بەدڵم نین. ئاکامەکەی خراپ دەبێت.» {پۆل ڤێرلین. ٢٠١٧؛ ١٠٠} وەک گوتەکەی پلاتۆن هاتبێتە دی، «لاساییکردنەوە پەیوەندی بە بەشێکی دەروونەوە هەیە. ئەو بەشەش هۆش نییە. نزیکبوونەوە لەم بەشە ئاکامێکی چاکی نییە.» {ئەفلاتۆن. ٢٠٠٩؛ ٣٣١}، ئاکامی ڕامبۆش شەڕ دەرچوو، ئەو خۆی ناخی خۆی پاکژ کردبووەوە و سازاندبووی. دەبا ئەم پەرەگرافەی نامەکە بخوێنینەوە:

«شاعیر بەهۆی ئاگایی هۆش لە دەستدانێکی درێژخایەنی هەمەلایەنەوە خۆی دەکا بە «ڕوانینوان»ێکی ئەودیو. بە ئارەزووی خۆی بەدوای هەموو شێوەیەکی خۆشەویستی، ئازار چەشتن،

دێوانەیـی، هەرچـی ژەهرەکانـی ناخـی خـۆی هەیـە دەسـووتێنێ هەتـا تەنیـا گەوهەرەکـەی بهێڵێتـەوە، ئـەوە ئەشکەنجەکێشـانێکی لـە نووسـین بـەدەرە کـە باوەڕکردنێکـی لـە وزەی مـرۆڤ باڵاتـر دەخـوازێ، ئەوەیـە دەیـکا بـە نەخۆشـترین کـەس لـە کەسـە نەخۆشـەکان، گەورەتریـن تاوانبـار، نەفرەتلێکراوتریـن کـەس لـە کەسـە نەفرەتلێکـراوەکان، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ئەوەیـە کـە دەیـکا بەو کەسـەی لـە هەمـوو کـەس زیاتـر دەزانێ. بەوەیـە کـە دەگاتـە ئەو نادیارییـە! ئەمـەش خەڵاتەکەیەتـی چونکـو پێشـتر بـە بەردەوامـی لـە هەمـوو کـەس زیاتـر ناخـی خـۆی بـە دەوڵەمەنـدی چەکدارکـردووە. ئـەو دەگا بـەو نادیارییـە، هەرچەنـدە بـەوە لـە کۆتاییـدا دەبـێ بـە دێوانـە کـە لـە رامانەکانـی خـودی خـۆی تێنـاگا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تیایـدا ژیـاوە! وا دانـێ کـە ئـەو بـە بازدانێـک بـە شـوێن نەبیسـتراوە و نەبینراوەکـەدا پێشـکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە: هەنـدێ لـە کارگـەرە سـامناکەکان ئەوەنـدە لـەو ئاسـۆیە نزیـک دەبنـەوە کـە خـودی خـۆی لەوێـدا کـوژراوە.« {ڕامبـۆ. ٢٠٠٧: ٢١}، هـەر ئەمـەش بووەتـە هـۆی زویربوونـی پلاتـۆن و وایلێکـرد، کـە لـە بیـردۆزی لاساییکردنەوە، شـاعیران بـە لاسـاییکار دابنێـت و بـە سـەلیشـێوێنەری خەڵـک مەحکوومیـان بـکات، چونکـە گرینگیدانـی شـاعیران بـە دەروون و خـود، ئاکامـی باشـی لێناکەوێتـەوە. سـەرباری ئەمـە «شـاعیر دەسـتوورێکی خـراپ بـۆ خەڵکـی دادەنێـت، چونکـە ڕاسـتی دەرناخـات» {ئەفلاتـۆن. ٢٠٠٩: ٣٣٣-٣٣٤}. بـەڵام ڕامبـۆ، شـاعیر بـە ئاگـردز نـاس دەکات، چـون هـەر ئـەوە دەتوانێـت مەشـخەڵ بەدەسـتەوە بگرێـت، لـە نەریـت و فۆڕمـی بـاو غەیانـەت بـکات. ئەمـەش قـەدەری شـاعیرە، شـاعیریش نەفرەتلێکـراوە و سـترانی ئـەو؛ «مـن سـەر بـە ڕەگەزێکـم، گۆرانـی لەنێـو ئەشـکەنجەدا دەچـڕێ» {ئارتۆیـر ڕامبـۆ. ٢٠١٨: ٣٢} یـە، شـاعیر ڕەگەزێکـی لەدەسـت دەرچـووە، نـە مرۆڤێکـی ئـارام و لەسـەرخۆیە، نـە دڵگیـر و سێبوورییبەخشیشـە. ئەگـەر مەیلیداریـی بـکات؛ دەرووخێنـێ، ئەگـەر ململانێش بێـکات؛ دەسـازێنێ. هـەر ئـەم دووانەییـەش بوونەتـە جێگـەی ڕقلێهەڵگرتنـەوەی خـوداکان لـەم مرۆڤ/شـاعیرەی، کـە دوای پرسـیارێک دەکەوێـت کـە دەنێویشـیدا

دەژێت: «ئایا لەسەر ئەم زەوییە بەپێی پێویست نەفرەتلێکراوین؟ {ئارتۆیر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛ ٦٥}.
ترسی پلاتۆن لە وەها مەیلێکی گەشەسەندوو بۆ وێرانکاریی بوو لەلای شاعیر، کە لە دوا بەشی کۆماردا، شاعیران تڕۆ دەکات، چون شاعیران چاکەکار، وابەستە بە یاسا و فێرکار نین و تاعوون بڵاودەکەنەوە. بەڵێ. شاعیران لە ئاست کۆمەڵگە کەمتەرخەمن و گرینگیی بە خودی خۆی دەدات و پاکژی دەکاتەوە. ئەمش وادەکات شاعیر ئاژاوەگێڕ بێت و دەمبەدمە لەگەڵ خوداکانیش بکات.
بۆیەشە خودبوون لە شاعیر دادەماڵێت و تاک وابەستە بە دەوڵەت و کۆمەڵگە دەکات، ئەوجا دەبێ شاعیر وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، خزمەتکاری دەستوور و یاساکانی دەوڵەت بێت، تا داوێنگیر بە کۆمارەکەی پلاتۆن بێت؛ ملکەچی هەر شتێکیش بێت، کە لە دەرەنجامی یاسا و بنەماکانی دەوڵەت و ژیان دێتە کایەوە، «ژیان وەکو زار فڕێدانە و دەبێت ڕازی بین بەوەی ڕوودەدات» {ئەفلاتۆن. ٢٠٠٩؛ ٣٣٣} ئەمەش بەرگێکە، کە تاک تێیدا لە ئارامیی خۆیدا نابێت، بەڵکو لە ئارامیی کۆمەڵدا دەبێت. ڕازیبوون بەوەی کە ڕوودەدات، ڕێک شاعیر بە پێچەوانەکەی ئەمەیە. کەسێکی ناڕازیی، بێزەوەر و نەفرەتلێکراوە.
«شاعیر بە دەربڕینێکی تر خۆی ئاگردزێکی ڕاستەقینەیە« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٢} بە ڕێگەوەبوون؛ سەرکێشیی و مەیلخوازیانەی ڕامبۆیە بۆ دزینی ئاگر و جارێکی تر لە گۆڕنانەوەی کەشێکی ئارامە بۆ چەکەرەکردنی هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دۆگما. شاعیر دەبێت جارێکی تر پرۆمیسۆس ئاسا گێژنە بۆ لەدایکبوونەوەیەکی سەرانسەریی نوێ لە دنیا بگێڕێت. پرۆمیسۆس ئێستا لە شاعیرێکی زیتەڵەی مەیلکردە بۆ شاعیربوون و پێشڕەوخوازیی، سیزیف ئاسا خۆی لە ژێر باری ژیانێکی پڕ ماندووبوون و دانەسەکنین دەبینێتەوە، بۆ دۆزینەوەی ئاگر، کە شیعرە/ڕێکردنە، ڕێکردنیش بەنێو خۆکوژییدایە.
ڕامبۆ دەیەوێ پەیامی هەرەسهێنانی ئەدەب لێبدات و جاڕ بۆ پێشڕەوخوازیی لە ئەدەبدا بدات و بڵێت؛ کە دوای گرێک ئەگەر

مـرۆڤ خەونـی نەبوویێـت، ئـەوە کاتـی لـە خـەو ڕابوونەوەیـە و دەبـێ خـەون بۆخـۆی چێبـکات، دەیەوێـت بڵێـت: گەرەکـە مـرۆڤ مەیـل و خەونێـک بـە پرۆمیسۆسـەکەی ناخـی خـۆی بداتـەوە و هەنگاو بهاوێژێت بـۆ شـاعیربوون، چونکـە شـاعیر ڕێگەیەکـی دژوار و سـەختی لـە بەردەمدایـە، هـەروەک «پرۆمیسـۆس»یش دەبێـت جەرگوهەنـاو لـە پێنـاو مـەرام و خەونەکەیـدا بـدات و باوک/کۆمەڵگـە لـەو داگیرکارییـە و کەپتکردنـەی مرۆڤـەکان ئـاگا بهێنێتـەوە و لـە تەخـت بیهێنێتـە خـوارەوە، چونکـە «شـاعیرە نوێنەرایەتـی هەمـوو مرۆڤایەتـی دەکا، بگـرە ئاژەڵەکانیش»{ڕامبـۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٢}.
زمانـی شـاعیر لـە ڕوانگـەی ڕامبـۆوە دەبێـت «لـە ناخـەوە بـۆ نـاخ بـێ، هەمـوو شـتێک لەخـۆ بگـرێ، بـۆن، دەنـگ، ڕەنـگ، هـەر هزرێـک و بـەوی تـرا بچەقێنـێ لەگـەڵ خـۆی راپێچـی بـکات.» {ڕامبـۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٢} چونکـە ئەمـە وادەکات «ئـەو نادیارییـە گەمـارۆ بـدات کـە لـە سـەردەمی ئـەودا خەرمانەیەکـی لـە ناخـی جیهانیـدا فەراهـەم کـردووە.» {ڕامبـۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٢}، دینامیتـی مـرۆڤ زمانـە. چونکـە لەڕێگـەی زمانـەوە شـەیتانی نـوێ سـەردەمەکانمان بـۆ کۆپلـە دەکـەن. ئەوجا ئـەو زمانـە هـەر نووسـین نییـە، کـردارە، پیتـە، دەنگـە، ئـاوازە و ڕۆیشـتنە،...
ڕامبـۆ -بـۆ لەمـەو دوا- وا دەنواڕێتـە هونـەر؛ کـە دەبێـت ئەرکێکـی هەبێـت و ئـەم ئەرکـەش کارێـک درووسـتی دەکات، وەک خـۆی دەڵێـت، کـە پێشـتر کردارەکـە کـراوە. واتـە:
شاعیردەبێت کردار بکات.
هونەر دەبێت ئەرکێکی هەبێت.
بـەو واتایـەی شـاعیر کـردار دەکات، بـۆ ئـەوەی نوێنەرایەتیی بـکات، بەمـەش ئەدەبیاتـی نـوێ دەسـت پێدەکات، کـە خـودی شـاعیر دەخاتـە بـەردەم کارێکـی سـپەنتەی گـەورە و هونەریش/شـیعر ئەرکێکـی گـەورە دەخاتـەوە.
هەروەهـا ڕامبـۆ بـاس لـە ئەدەبیاتـی ژنـان دەکات، کـە دوای ئـەوەی چەوسـاندنەوەی ژن لـەلای پیـاو کۆتـا دێـت، ئـەوە ژنانـی شـاعیریش دروسـت دەبـن و نوێنەرایەتیـی مـرۆڤ دەگرنـە ئەسـتۆ.

ئەو نادیارییەی، کە ڕامبۆ شاعیران(نێر)ی بۆ وێڵ و سەرگەردان دەکات، کە گەمارۆی بدەن، ئەوە ژنانیش بۆ ئەم نادیارییە و ئەو دێوی دیاردەکان، سوڕگووم دەکات، ژنانیش خەونی خۆیان و جوانیی خۆیان هەیە، کە جیاوازە لە هی پیاو، ئەوە کارێکی پڕ شکۆ دەکەن و مرۆڤایەتیی کەڵکی لێوەردەگرێت. گەرەکە بگوترێت لەم نامەیەدا ژنیش دەبێت بە ڕوانینوان.

***

شاعیر لەم نامەیەدا شاعیری هەواڵە مەترسیی و ئایدیا خەتەرناکەکانە. ئەگەر نەتوانین بە ڕەهایی ئەوە بڵێین، کە شاعیر شەڕە و نەخۆشییەکی بەرترسە؛ ئەوە بە ئەرخەیانییەوە، هاوتاکەی دەڵێین؛ شاعیر بکوژ و نەگیراوە.

ڕامبۆ هەر خۆی نموونەیەکە لەمە، ئاخۆ ئەگەر تەمەنکورتییی ڕێگەی لێنەگرتبووایە، دەبوو چ هەواڵێکی تری لە کۆچ، بەڕێگەوەبوون و ژیانی سەرگەردانیی، بەوهیمیی خۆی، بۆ بەجێهێشتباین و چۆن وەرچەرخانێکی تری لە فەرەنسادا دەهێنایە کایەوە، کە ئێمەی ڕۆژهەڵاتیی ئێستا شتێکمان لێی دەزانی. بەڵام بەهەمە حاڵ. خەونەکانیشی بە نهێنیی ماونەوە و بوونە هۆی سرووش بۆ نووسەران. بەڵێ دووانەی بەڕێگەوەبوو و بەدبەختیی(٢) خودای ڕامبۆ و شاعیرە، وەکچۆن ئەو بە نەفرەتی منداڵییشی گۆڕێکی بۆ کۆنینە پێشوەختە سازاند و «وەک شەیتان سەرکەوتوو بوو لەوەی کەوا لەخۆی بکات لە ئاسمان دەربکرێت» {هنری میلەر. ٢٠٠٠؛ ٥١} ئەوە دووەمیشیان، هەمیشە لە دەمی جەڵجەلوتدایە، ڕاڕا و خەڵەفاوە، مەیلی گێچەڵنانەوەیە و خەندەی نابەدڵە.

ڕامبۆ خۆی لە شیعر و ژیانی خۆیدا هەموو ئەمانەی بە کردەیی کردن، کە لەم نامەیەدا هەڵقووڵاوە و هەڵدەقووڵێت. بۆیەشە خوێندنەوەی؛ یەکڕاست تەزوو، مووچڕک بە لەش و جەرگدا دێنێت و پێملت دەکات، لە کاتێکدا خۆی و شیعری هەرچەند تێڕامێنیت هەر بەرزەفڕتر و دەستپێڕانەگەیشتووتر دەبن. ئەمە لە بەردەم هەموو ڕوانینوانێکی تردا، بەڕاست دەگەڕێت.

لـەم سـۆنگەیەوە ئێمـە چـۆن گونجاویـی، هاوڕووانیـن دەبیـن لەگـەڵ ڕامبۆ، کـە ناتەبـا و دژە بـە هـەر چ ڕێگەیـەک، کـە خـۆت هاوسـۆزی شـیعری و شـاعیری بەربـار(٣) بوویـش بیت!

ڕەنگـە هـەر ئـەم مەترسـییەش، ئـەم تەحەددایـەش بێـت، کـە لـە خوێندنـەوەی لێمـان دەکات و دواجـار منـی تـووش بـە گەڕانـەوە بـۆ دووبـارە داڕشـتەوەی ئـەم نووسـینە کـردەوە. ڕامبـۆ چەنـد فریوکارانـە بێت لـە وشـە و زمانـدا، بەهەمـان ڕادەش، جادووکـارە و خۆیمـان بـە نامـۆ بـۆ دەنوێنێـت. بۆیـە پـۆل ڤێرلیـن بێـژێ ئـەو «خـۆی نەفرەتـی لـە زاتـی خـۆی کـردووە. ئـەو شـاعیرە نەفرەتلێکـراوە!» {پـۆل ڤێرلیـن. ٢٠١٧؛ ٢٣٢}. بەڵـێ. ڕامبـۆ زیـاد لەهـەر نووسـەرێک بەرترسـە. مەترسـییەکە دەبـێ بـەر لـە خوێندنـەوەی بیـری لێبکرێتـەوە، ئـەوە نییـە ژیـان و شـیعری چـۆن ڤێرلیـن ناکـام دەکات و لەنێـوان هاوسـەر و ڕامبـۆ، مەترسـییەکە خـۆی پێهەڵدەبژێرێـت! ئـەو بەرانبـەر بـە هەمـوو ئەمانـە تاوانبارێکـە، کـە دادگـە نایگرێتـە خـۆی، چجـای ئـەوەی شـوێنێکی مەیسـەر ببێـت لـە شـارەکەی پلاتـۆن. پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئاخـۆ لەنێـو ئێمـەدا، وەهـا تاوانبارێـک خـۆی ناسـاندووە، هاونیشـین بـووە، یـان ئامادەیـی تێدایـە خـۆی بێـزەوەر و تاوانبـار بـکات و بـۆ خۆشـییە لەدەسـتچووەکانی خـۆی، خۆزگـە بەداخیـان نەبێـت؟ ئاخـۆ ئـەو ڕووحـە لـە خۆمانـدا دەڕسـکێنین، کـە ڕامبـۆ خـۆی لەبـەر بـای تـاوان هیشـک دەکاتـەوە؟(٤) بـەو پێیـەی ڕامبـۆ بـۆ چـاوی کۆگـەل، خەنـدە و نووقڵانـەی پێنییـە. نـە شادییبەخشـە و نـە پەیامـی خۆشبەختییشـی بـەرەو وێرانیینەبردنـی بەهـای کـۆن، بنەماکانـی وێـژە و هونـەرە. هـەر بۆیـەش ڕامـان لـە چـاوە زیتەکانـی بـۆ ڕووانینـی لـە شـیعر/وێژە و هونـەردا، مەترسـیی دەبینیـن نـەک پشـوو، خەنینـە و بێنـدان. ئـەو چـاوە زیتانـەی، کـە هەمـان چـاوە پڕخـەون و جادووییەکـەی پرۆمیسـۆس بـوو، کـە وای لـە هەرقـەل کـرد سـەرکێشـیی بـکات و پرۆمیسـۆس لـە چارەنووسـی سـزادان ڕزگار بـکات، لـێ فریادڕەسـی ڕامبـۆ کـێ بـوو؟ مەگـەر هەمـان ئـەو شـەیتانە نەفرەتلێکـراوە خودسـازێنراوەی نـاوەوەی ڕامبـۆ نەبـوو، کـە توانـی چـاوی زیتـی دە بارەگـەی خـوداش ببڕێـت!

ئەمە بەو مانایەی ڕامبۆ شتێک ناخاتە سەر شتێکی تر، تا لێی زیاد بکات، -ئەوەی کۆگەل دڵخۆش دەکات- بەڵکو خۆی ڕوانینوانێکە، کە هەمیشە ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوریی و تەواف بەدەوری خۆیدا دەکات. بۆیە مەیلی ڕامبۆ چەواشەکارانە نییە، بەڵکو خەرمانەییە.

## ڕامبۆی زەڤەرمرۆڤ و نیتشەی ڕوانینوان

ڕامبۆ لە ١٨٧٣ وەرزێک لە دۆزەخ تەواو دەکات، هاوکات نیتشە کۆتا بەشی «ئاوا ئاخافت زەردەشت» لە ١٨٨٣ بە دووماهیی دەگەیەنێت، لەنێو ئەم دوو نووسەرەدا مەودایەک هەیە، کە نیتشە ڕوانینوانی خەرمانەییە و ڕامبۆش زەڤەر مرۆڤی بەوەخت ژیاو(ە). کە هەر یەکەیان یەکێکی تر بە مەودای دە ساڵ نێوانیان، بۆ لەدایکبوونەوەی زەویی؛ بەڵام بە گەڕانەوەی هەمیشەییەوە، گێژنە دەگێڕن. ڕامبۆ ئەویتری نیتشەیە و بە پێچەوانەشەوە. «من دەیەوێ ئەوی تر ئاوێتە بکات (لەگەڵ خۆیدا پێناسەی بکا)، ئەمەش بەڕێگەی ئەوەی کە ئەو کەسە بکاتە تشتێک بۆ خۆی یان وەک تشتێک ئەو بخوێنێتەوە، یانیش ئەو منە دەیەوێ لە ئەویتردا خودی -منێکی تر بدۆزێتەوە. {چەند نووسەرێک، ٢٠١٠؛١٨} ئەوە ئەم «من کەسێکی ترم« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٠}ـەیە، کە ڕامبۆ لە نامەکەدا(٦) باسی دەکات، کە لە پێوەندییدایە لەگەڵی، دەکرێ هەردووکیان ئاڵوگۆڕ بە جێگەکەیان بکەن. ئەو بۆ من دەبێت بە من و بە پێچەوانەشەوە، بە مانایەکی تر، خود جێگەی من بگرێتەوە و منیش جێگەی خود. هەڵبەت ئەو خودە بینینی خودی منە لە ئەوی تردا، ڤێرلین ئەویتری ڕامبۆیە. ئانکیدۆش ئەویترە بۆ گێلگامێش.

ئۆکتاڤیۆ پاز یێژێ: «مەزنایەتیی شاعیرە گەورەکان، هەمیشە تازەگەرییان، توانستیان لەوەدایە، کە دەبن بە کەسانی تر بێ ئەوەی بشزانن کە خۆیانن.» {چەند نووسەرێک. ٢٠١٠؛ ٨٧}.

نیوەی دووەمی ئەو سەتەیە بە نەفرەت لە خوداکانەوە گەمارۆ

درابـوو. ئـەی وانییـە؟ ڕامبـۆ لەنێـو ژیانـی خۆیـدا ئێمـەی بەخـۆ سـووڕگووم کـرد. ئـەو سـەفەری کـرد و بەمـەش دێـوی نەفرەتـی خـۆی لەگـەڵ خـۆی بـرد و ئاشـنای بیابانـی کـرد، «ئازاتریـن کـردە ئەوەیـە، ئـەم کیشـوەرە جێبهێڵـم، چونکـە شـێتی دەخولێتـەوە تـا ئـەم کەساسـە بکاتـە بارمتـە. {ڕامبـۆ. ٢٠٠٧؛ ٣٣} ئەگـەر ئـەم سـەفەر و بەڕێگاوەبوونـە نەبووایـە، ئـەم نەفرەتـی شـێتیگرتنەوەیە، بـە شـێتییەکی کوشـندە، لەهەمـان سـاڵی مەرگـی خـودی ڕامبـۆ، خـۆی مارەبڕیـی نیتشـە نەدەکـرد؟

بەڵـێ. «مـرۆڤ شـتێکە و دەبـێ بەسـەری زاڵ ببـی» { فریدریـش نیچـە. ١٣٩٥؛ ٢١}. ڕامبـۆ بـە ڕووکردنـە سـارا و نیتشـەش کـە شـێتیی مەگیرانیـی دەکـرد، دە سـاڵ، لەگەڵـە خـۆی هێشـتەوە و بەسـەر غـرووری خودایانـەی زیـۆس، ئاوابـوو.

بۆچـی ئـەم گوتەیـەی نیتشـە «مـرۆڤ دەبـێ باشـتر و شـەڕانیتر بێتـەوە« { فریدریـش نیچـە. ١٣٩٥؛ ٣٠٩} کارکـردەی ڕامبۆمـان بـە ئەمەکـەوە بـۆ ڕابـوون دەخەملێنـێ، بـەڵام ئـەم تێگەڕانەوەیـەی شـەڕەنگێزبوونە/ نەفرەتلێکراوییـە بۆچـی؟ ڕامبـۆ بۆچـی ڕێـک بەسـەر وێـژە و هونـەردا ئەمـە دەکات؟ ئـەم ڕووحاوێزانبوونـە چییـە لەنێوانیـان؟ ئەوانـە منداڵـی یـەک پزدانـن. واتـە یـەک سـەردەم؛ بـۆ هەمـوو سـەردەمێ.

دەبـێ ئـەم ڤانەیـەی ئەویـن بـە ژیـان فێرببیـن: خۆشـیی خۆڵەمێـش نییـە تێیـدا زینـدوو ببیتـەوە. جوانیـی ئاکامگیرییـە، تاڵـە(٧) و مشتومالکردنیشـی چێـژە. دەستڕاگەیشـتن بـە چێژیـش مـرۆڤ/ شـاعیر وەزایەڵـە ناخـات، چونکـە شـاعیر شـەیتانێکە، لـە چارەنووسـی بەنەمرییبوونـی خوداوەنـدان، قـووچ بووەتـەوە. بۆیـە کاکڵـەی پرسـیارەکەی شـاعیر ئەوەدەبێـت؛ ئاخـۆ شـیعر بیرچووەتـەوە، ئەگـەر بیرچووەتـەوە دەبـێ بیربکرێتـەوە؟

***

کاتێـک لـە کۆتاییـی نامەکـە نێزیـک دەبینـەوە، ڕامبـۆ دەستنیشـانی هەندێـک لـە ڕوانینوانانمـان بـۆ دەکات، «ڕۆمانتیکـی تـازە بـە

پلەیەکی باڵای ڕوانینوانە« {ڕامبۆ. ٢٠٠٧؛ ٢٤}. ویجا بۆدلێر لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕوانینوانەکان دادەنێت و بە خودایەکی ڕاستەقینە و دانسقەی دەزانێت. لە پارناسییەکانیش دوو شاعیر بە ڕوانینوان دەستنیشان دەکات، ئەلبێرت میرات و پاول ڤێرلینن، هەروەها چەندانی تر لە ژن و پیاوان ناو دەهێنێت و بۆ ڕامبۆ کەسێکی ترن، چونکە کاریگەرییان بەسەردا جێهێشتووە، هەر ئەمەش وایلێدەکات لە کۆتایی خستنەڕووی ڕوانینوانەکان، کە کۆتایی نامەکەیشە بێژێت «کەواتە من بۆ ئەوە کاردەکەم تاکو خۆم بکەم بەم ڕوانینوانە.» {ڕامبۆ، ٢٠٠٧؛ ٢٥} ئەو ڕوانینوانەی، کە دەبێت: شارەزایی بەدەستهێنانی سەبارەت بە خود هەبێت. ڕوانینوان بێت. ڕوانینوانی ئەودیو بێت. کەسێکی تر بێت. پرۆمیسۆس بێت. نوێنەرایەتیی بکات. نادیاریی گەمارۆ بدات. هەست بە بەرپرسیاریەتیی بکات و کردار پێشکەش بکات – کە ئەرک خستنەپاڵی هونەرە- قوربانییبدات... کە یەکێک لە قوربانیدانەکانی ڕامبۆ، کە لە سەرەمەرگیشدا دەیگوتەوە ئەوە بوو کە: «ئایە مرۆڤ خۆی بخەسێنێ چاکترین ڕێگە نییە بۆ خۆڕیسواکردن؟)){هنری میلەر. ٢٠٠٠؛ ٦٩} ڕامبۆ بۆ ئاگرەکە و نوێنەرایەتی قوربانیی، گەورەترین قوربانیی دا، کە نەک هەر ئەمەی کرد، بەڵکو بە کردار هەر هەموو ئەوانەی دەکردن، کە دەیگوتن.

بەڵێ. دەبێ شاعیر بە وەخت بژێت و بە وەختیش بمرێت.(٨)

**کۆتاییی**

مێرگەسۆر، شارەدێی پیران
... ٢٠١٩/٢/٩

**پەراوێزەکان:**

وا    بە کورتی ئازادیی ئازاد ئەوەیە کە: نابێت ئەوە لە مرۆڤ بستێنرێتەوە، کە پێویستە ئەو شتە بکات، کە خۆی دەیەوێت. خوێنەر دەتوانێت بۆ پەڕتووکی «نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ» بگەڕێتەوە، کە لە کۆتاییی ئەم پەڕتووکەدا، وتارێکی وەرگێڕدراو هەیە، دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

٢.    «بەدبەختی خودای من بوو.» {ئارتۆیر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛ ٢٤}.

ب    بەربار: ١- ئارام. ٢- ئەو کەسەی لەلای «دێوانە«کان جزیە نەدات، پێیدەگوترێت بەربار. فڵانەکەس بەرباربووە. لێرەدا وەک هەڵگەڕاوە، سەرپێچیکار و لادەر لە وشەکە ڕوانراوە.

٤.    «بە بای تاوان خۆم هیشکردەوە.» {ئارتۆیر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛ ٢٤}.

٥.    «بە وەخت بمرە.» {نیچە. ١٣٩٥؛ ٨٧}.

ە    «من کەسێکی ترە.» ڕامبۆ لە نامەی «بۆ پاول دیمینی و جۆرج ئیزامبار» بەکاری هێناوە.

٧.    «ئێوارەیەکیان جوانیم لەسەر ئەژنۆ دانا. –بینیم تاڵ بوو- جنێوم پێی دا.» {ئارتۆیر ڕامبۆ. ٢٠١٨؛ ٢٣}.

٨.    «بە وەخت بمرە.« {نیچە. ١٣٩٥؛ ٨٧}.

**سەرچاوەکان:**


١.    ئارتۆر ڕامبۆ. نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ، و: هەندرێن. چ١، چاپخانە: وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر ٢٠٠٧.
لینکی نامەکانی ڕوانینوانێک و مەرگ:
kteb_/٩/٢٠٠٧/http://www.dengekan.com/doc htm.handren١٠

٢.    ئارتۆیر ڕامبۆ. وەرزێک لە دۆزەخ و درەوشانەوە، و: ئەحمەدی مەلا. چ٣، چاپخانە: تاران- بڵاوکاری ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانیی ٢٠١٨.

٣.    پۆل ڤێرلین. شاعیرە نەفرەتلێکراوەکان. و: بەیان سەلمان. گۆڤاری شیعر. ژ: ٥، سلێمانیی ٢٠١٧.

ان چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی ڕووخساری ئەوانیتر، و: هەندرێن. چ١، چاپخانە: شڤان؛ بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانیی ٢٠١٠.
٥. فریدریش نیچە. وەها ئاخافت زەردەشت، و: هادی محەممەدی، چ١، چاپخانە: کانی کتێب، سنە ١٣٩٥.
٦. ئەفلاتۆن. کۆمار، و: محەممەد کەمال. چ١، چاپخانە: سەردەم، سلێمانیی ٢٠٠٩.
٠٠ هنری میلەر. ڕامبۆ و زەمانی پیاو کوژان، و: غفور سالح عەبدوڵڵا. چاپخانە: سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٨. هۆراس. هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز. چ:٢، چاپخانە: چوارچرا، سلێمانیی ٢٠٠٥.